مەندەلاوی گەیشتە باکۆ بە بەشداریکردن لەخولی 14ی دانیشتنی کۆمەڵی پەرلەمانی ئاسیا



ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەبی و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت موحسین مەندەلاوی، بەمەبەستی بەشداریکردن لە خولی 14ی دانیشتنی کۆمەڵی پەرلەمانی ئاسیا گەیشتە باکۆ.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند : سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەبی و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت موحسین مەندەلاوی، بە سەردانێکی یەك ڕۆژە گەیشتە فڕۆکەخانەی نەودەوڵەتی حەیدەر عەلییەف لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان، لە وەڵامی بانگهێشتێکی فەرمی بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و 14ەمین خولی دانیشتنی کۆمەڵی پەرلەمانی ئاسیا.

ئاماژەی بەوەشکرد: سبەی پێنجشەممە، شاندی پەرلەمانی عێراق بە سەرکایەتی مەندەلاوی بەشداری لە دانیشتنەکانی کردنەوە و گشتی کۆمەڵی پەرلەمانی ئاسیا دەکات، کە تێیدا موحسین مەندەلاوی وتاری عێراق پێشکێش دەکات بەناونیشانی (بەهێزکردنی هەماهەنگی هەرەمیی بە گشپێدانی بەردەوام لە ئاسیا).